https://doi.org/10.54809/jkss.viSpecial.110

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئاخۆ هونەری کوردیی دەتوانێ چیمان لەبارەی ئەنفالەوە پێ بڵێ؟

نەبەز صمد احمد

بەشی شێوەکاریی، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی.

nabaz.ahmed@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئامانجی کرۆکی جینۆساید، قڕکردن و لەناوبردنی تەواوەتیی گروپێکی دیاریکراوە، هەتاکو هیچ کەسێک نەبێت چیرۆکی مەرگ و لەناوبردنیان بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی بەتەواویی ناو و یادەوەرییان لەسەر زەوی بسڕێتەوە. بەڵام یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی یادکردنەوە و بەزیندوویی هێشتنەوەی قوربانییەکان؛ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیانە لە ڕێگەی هونەرەوە. ئەگەر لە سەردەمەکانی تردا، هونەر جوانی بئافرێنێ و چێژ بە مرۆڤ ببەخشێت، ئایا لە سەردەمی تاریکییدا واتا لە سەردەمی کۆڕەو، بێماڵیی، جەنگ و جینۆسایددا چ ڕۆڵ و کارایەکی هەیە؟ هونەر دەتوانێت چیی بکات، کاتێک ترسناکیی جەنگ و جینۆساید دێنە گۆ؟ ئاخۆ هونەری کوردیی دەتوانێ چیی لەبارەی ئەنفالەوە بڵێ؟ ئاخۆ هونەری کوردیی توانیویەتی یادەوەرییەکی نەتەوەیی و کۆیەکیی (collective memory) بۆ ئەنفال دروستبکات؟ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی هونەرە لە سەردەمی تاریکیی جەنگ و جینۆسایددا و، ڕۆڵی هونەری کوردیی لە گێڕانەوەی یادەوەریی ئەنفال. لەم توێژینەوەیەدا، مشتومڕی ئەوە دەکەم کە لە لایەکەوە، هونەر دەتوانێ یادەوەریی لەبیرکراو بێداربکاتەوە و یادەوەری کۆیەکیی دروستبکات. چونکە هونەر لە سەردەمی تاریکییدا دەتوانێ جینۆساید، ئەرشیف دۆکیومێنت و تۆماربکات. لەم ڕێگەیەوە ڕاستیی ئەو سەردەمە دەربخات و ڕەخنەی لێبگرێت. کەواتە هونەر دەتوانێت بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆبگرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی واز لە هونەربوونی خۆی بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە، هونەرمەندانی کورد لە ڕێگەی ئیشە هونەرییەکانیانەوە یادی قوربانییانی ئەنفال دەکەنەوە، چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە، ژیانیان دەکەن بە دۆکۆمێنت، ئەزموونەکانیان هەنووکەیی دەکەنەوە، گەشتە بێکۆتایی و نەگەڕانەوە هەتاهەتاییەکەیان بە ڕەنگ و هێڵکاریی دەنەخشێنن. یادەوەریی و ئەزموونی کەسەکیی خۆیان و یادەوەری دەربازبووانی ئەنفال دەگێڕنەوە، بۆ ئەوەی لە یادەوەرییەکی خێزانیی و کەسەکییەوە یادەوەرییەکی کۆیەکیی بهێننەئاراوە. ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ دوو بەش: یەکەم، پەیوەندی نێوان جینۆساید، هونەر و یادەوەریی. دووەم، ئەنفال لەنێو هونەری کوردییدا. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاریی ڕەخنەیی (critical analysis) بەکاردەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان جینۆساید، هونەر و یادەوەری و ئەنفال لەنێو هونەری کوردیدا. ئیشەکانی دوو هونەرمەندی کورد عوسمان ئەحمەد و ڕێبوار سەعید وەک نموونە وەردەگرێت بۆ شیکاری کاریگەریی ئەنفال لەسەر هونەری کوردیی. چونکە ئەم دوو هونەرمەندە پتر کاریان لەسەر ئەنفال و جینۆسایدی کورد کردووە.

**وشە کلیلەکان: یادەوەریی، سەردەمی تاریکیی، هونەر و جینۆساید، ئەنفال.**

## پێشەکیی

ئاخـۆ چ پەیوەندییـەک لـە نێـوان هونـەر و جینۆسـایددا هەیـە؟ لـە کاتێکـدا هونـەر بـە چێـژ و جوانییـەوە خەریکـە و جینۆسـاید کوشـتن و لەناوبردنـی مـرۆڤ و جوانییەکانـە. سـەرەڕای ئـەوەی هونـەر لـە سـەردەمەکانی تردا جوانیـی بەرهەم دەهێنێت و چێژ بـە تەماشـاکەر دەگەیەنێـت، بـەڵام لـە سـەردەمە تاریکەکانـدا، سـەردەمی جەنـگ و جینۆسـاید، هونـەر دەتوانـێ گوزارشـت لـەو سـەردەمە بـکات و هەقیقەتـی سـەردەمەکە بـۆ ئێمـە دەربخـات. چونکـە هونـەر پەیوەندییەکـی راسـتەوخۆی بـە سـەردەمەکەی خۆیـەوە هەیـە و بەرهەمـی سـەردەمەکەیەتی.

هەرچەنـدە بەشـێک لـە فەیلەسـوفان و هزرڤانـان گوماندەکـەن، کـە هونـەر توانسـتی بۆ دەربڕین و پیشـاندانی جینۆسـاید هەبێـت، لەبەرئـەوەی پێیانوایـە ئـەوەی کـە روویـداوە لـە جینۆسـایددا هەرگیـز ناتوانـرێ بەشـێوەیەکی راسـتەقینە و وەک خـۆی لەنـاو ئیشـی هونەرییـدا پیشـانبدرێتەوە و گوزارشـتی لێبکرێـت. سـەرەڕای ئەمـەش زۆر لـە فەیلەسـوفان و بیرمەنـدەکان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە هونـەر دەسـەڵاتی بـۆ دەربڕینـی ناسـۆر، ئـازار و کارەسـاتەکان هەیـە.

هونـەر لـە سـەردەمە تاریکەکانـدا، سـەردەمی جەنگ و جینۆسـاید، لە لایەکـەوە دەتوانێ سـەردەمەکە و ئـەوەی روویداوە تۆماربـکات، دۆکۆمێنـت و ئەرشـیفی بـکات. لـە لایەکـی تـرەوە دەتوانێـت رەخنـەی بـکات. هەروەهـا هونـەر توانسـتی هەیـە لـە یادکردنـەوەی قوربانییـان و گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکانیان، بـۆ ئـەوەی لـە یادەوەریـی گەلـدا بەزیندوویـی بمێننـەوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا، بەشـی یەکـەم، بـە وردیـی لـە پەیوەنـدی نێـوان هونـەر و جینۆسـاید و یـادەوەری کۆڵراوەتـەوە؛ چـۆن فەیلەسـوفەکان بەرگرییـان لـە توانسـتی هونـەر کـردووە بـۆ گوزارشـتکردن لـە جینۆسـاید و ئـەو نەهامەتییانـەی بەسـەر مرۆڤایەتییـدا هاتـوون. هەروەهـا رۆڵـی هونـەر لـە یادکردنـەوەی قوربانییـەکان. پاشـان لـە بەشـی دووەمـدا، لـە ئەنفـال و هونـەری کوردیـی کۆڵیوەتـەوە، هونـەری کوردیـی چیـمان لەبـارەی ئەنفـال پـێ دەڵـێ. هونەرمەندانـی کـورد چـۆن گوزارشـتیان لـە ئەنفـال کـردووە، چـۆن یادەوەریـی کەسـێتیی خۆیـان و قوربانییـەکان بـۆ ئێمـە دەگێڕنـەوە لـە رێگـەی ئیشـە هونەرییەکانیانـەوە.

## بەشی یەکەم: هونەر و جینۆساید

باسی یەکەم: جینۆساید چییە؟

جینۆسـاید زاراوەیەکـی نوێیـە، دوای دووەم جەنگـی جیهانیـی دەرکـەوت. رافائیـل لێمکیـن پارێـزەر و یاسانـاسـی جـوو، بـۆ یەکـەم جـار ئـەو زاراوەی داهێنـاوە و لەکاتـی لێکۆڵینـەوە لـە تاوانەکانی نازییـەکان دژی جووەکانـی ئەوروپـا بەکاریهێناوە. ڕیشـەی زاراوەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەردوو وشـەی گریکیـی گینـۆس (Genos) بـە واتـای (خەڵـک؛ گـرووپ) و پاشـگری سـاید (cide)ی لاتینیـی بـە واتـای کوشـتن (Lang, ٢٠٠٥; Benhabib, ٢٠٠٩ ). لێمکیـن دەیویسـت پەیماننامەیەکـی نێودەوڵەتیـی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی جینۆسـاید بێتەئـاراوە، لەبەرئـەوە وەک یاساناسـێک بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لـە لایەنـی یاسـاییەوە ئیشـی لەسـەر ئـەو تاوانانـە کـردووە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی جینۆسـاید. لـە ئەنجامـدا، نەتـەوە یەکگرتـووەکان «پەیماننامـەی بەرەنگاربوونـەوە و سـزای تاوانـی جینۆسـاید»ی لـە ٩/ ١٢/ ١٩٤٨دا لـە پاریـس واژۆکـرد. لـە بەنـدی دووەمـی پەیماننامەکـەدا بـە گونجاندنـی تیۆریـی جینۆسـایدی لێمکیـن وەهـا جینۆسـاید پێناسـەدەکات: «کـرداری پـلان بۆداڕێـژراوی لەناوبردنـی بەشـێک یـان سـەرجەمی گروپێکـی نەتەوەیـی، ئێتنیکیـی، نەژادیـی یـان ئایینییە: ا) کوشـتنی

ئەندامانـی گرووپەکـە؛ ب) بـوون بەهـۆی زیانگەیاندنـی جەسـتەیی یـان مێشـکیی بـە ئەندامانـی گرووپەکـە؛ ت) ئازاردانـی مەبەسـتداری دۆخـی ژیانـی گرووپەکـە بەشـێوەیەک ببێتـە هـۆی لەناوبردنـی جەسـتەیی کۆیـی یـان بەشـێکی؛ پ) بەکارهێنانـی پێـوەری سـامناک بـۆ نەهێشـتنی منداڵبـوون لەنێـو گرووپەکـەدا؛ ج) گواسـتنەوەی منـداڵان بـەزۆر لـە گرووپەکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر.›› (UN, ١٩٤٨)

ئاخـۆ لێمکیـن مەبەسـتی لـە زاراوەی ‹‹جینۆسـاید›› چییـە؟ ئایـا بەتەواویـی مەبەسـتی پێناسـەی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە؟ لێمکیـن، بەسـادەیی مەبەسـتی لـە جینۆسـاید ‹‹کۆمەڵکوژیـی-mass murder›› نییـە، ئـەو جیـاوازی لـە نێـوان کۆمەڵکوژیـی و جینۆسـاید دەکات، بـۆ لێمکیـن کۆمەڵکوژیـی تەنیـا یـەک رووی جینۆسـایدە. ئاخـر جینۆسـاید تەنیـا تێکشـکاندنی خێـرای گرووپێـک (نەتەوەیـی، ئێتنیکیـی، نەژادیـی یـان ئایینیـی) نییـە، بەڵکـو پلانێکـی هاوپەیوەندیـی فـرە کـرداره رووەو تێکشـکاندنی بناغـە سـەرەکییەکانی ژیانـی گرووپێکـی دیاریکـراوە (Stone, ٢٠٠٥).

لای لێمکیـن کۆمەڵکوژیـی یەکسـان نییـە بـە جینۆسـاید، چونکـە کۆمەڵکوژیـی پاڵنـەری تاوانەکـە لەخۆناگرێـت، بـەڵام جینۆسـاید دوا ئامانجـی تاوانەکـە لەخۆدەگرێـت (Panne, ٢٠١٠) . جینۆسـاید هێرشـێکە بـۆ سـەر رەهەنـد و لایەنـە جوداکانـی ژیانـی گرووپێکـی دیاریکـراو: ١) رووی سیاسـیی: داگیرکـردن و رووخاندنـی دامەزراوەکانـی خود-بەڕێوەبەریـی. ٢) ووی جڤاکیـی: تێکدانـی پێکەوەیـی جڤاکیـی نەتەوەیـەک، لابـردن و کوشـتنی ئـەو توخمانـەی کـە رابەرایەتـی هزریـی نەتەوەیـەک دەکـەن. ٣) رووی کولتووریـی: قەدەغەکردنـی زمـان و لەناوبردنـی چالاکیـی و دامـەزراوە کولتوورییـەکان. ٤) رووی ئابووریـی: قەدەغەکردنـی بازرگانیـی و داگیرکردنـی سـەرچاوە سرووشـتییەکانی نەتەوەیـەک؛ تێکشـکاندنی ‹زەنگینیـی› نەتـەوە. بـۆ نموونـە، لـە جینۆسـایدی جووەکانـدا، ئـەوان پاشـەکەوتەکانیان، بازرگانییەکانیـان، داهاتەکانیـان، مافـی خۆراکیـان لەدەسـتدا، هەروەهـا مووچەکانیـان، دانـە زێڕەکانیـان، جلـی ژێرەوەیـان، ژنـان قـژ و بسـکیان لەدەسـتدا. لـە ئەنجامـدا، ئـەوان سـەرجەم خاوەندارێتیـی و شـتە کەسـێتییەکانی خۆیـان دۆڕانـد. ٥) رووی بایۆلۆژیـی: سیاسـەتی راگواسـتن و کەمکردنـەوەی دانیشـتوان؛ لـە ئایدیـای نازیـی بـۆ تێکشـکاندن و لەناوبردنـی پێکهاتـەی بایۆلۆژیـی جـووەکان، مکووڕبوونـی بـە نازییـەکان دەدا کـە ئەڵمانیـا دەتوانـێ بەسـەر سـەرجەم ئەورووپـادا زاڵبێـت (Panne, ٢٠١٠). پزیشـکەکان بەشـدارییان لـە جینۆسـاید کـرد، ئـەوان جووەکانیـان لـە تاقیگەکانـدا بەکاردەهێنـا بۆئـەوەی پرۆسـەی تێکشـکاندن و لەناوبردنـی جـووەکان بەرفراوانـتر بکـەن. زمانـی جینۆسـاید بەگشـتیی زمانێکـە مێتافـۆرە بایۆلۆژیـی و پزیشـکییەکان بەکاردەهێنـێ. بـۆ نموونـە، لـە زمانـی هیتلـەر و نازییەکانـدا، جـووەکان بریتین لـە ‹‹ڤایـرۆس›› و ‹‹میکرۆب-هەڵگر››. بۆیـە جـووەکان وەک هێـما و سـیمبولی نەخۆشـیی ترسـناک دەبینرێـن، ئەمـەش واتـای ئـەوە دەگەیەنێ، شـتێکی ئاسـایی و رەوایـە کـە لەناوببرێـن (Lang, ٢٠٠٥). ٦) رووی فیزیکیـی: برسـییکردن و کۆمەڵکوژیـی؛ ٧) رووی ئایینیـی: دەسـتتێوەردان و شـێواندنی چالاکییـە ئایینییـەکان؛ ٨) رووی مۆڕاڵیـی: تێکشـکاندنی مۆڕاڵێتیـی گرووپێکـی دیاریکـراو ( Stone, ٢٠٠٥٩) رووی یاسـایی: لـە تێڕوانینـی لێمکیـن بـۆ جینۆسـاید، یاسـا کلیلـە؛ کاتێـک ئـەو لەگـەڵ سیسـتەمی یاسـایی داگیرکاریـی نازییـدا خەریکـە. لـە دەرەنجامـدا، یاسـا دەبێـت بـە چەقـی راڤەکردنەکانـی ئـەو، بـۆ جینۆسـایدی جـووەکان، لەلایـەن نازییەکانـەوە. بـۆ لێمکیـن، زاراوەی یاسـا لـەلای نازییـەکان، تێگەیشـتنی بـاو و کلاسـیکیی بـۆ یاسـا رەتدەکاتـەوە؛ ئاخـر یاسـای نازیـی تەنیـا ئامرازێکـە بـۆ ئایدیۆلۆژیـی نازییـزم. لەبەرئـەوە زاراوەی یاسـای نازییـەکان و زاراوەی یاسـای کلاسـیکیی تەنیـا لەناوەکەیانـدا هاوبەشـن. پرۆژەی یاسـای نازیـی دەڵـێ ‹‹بـۆ ئەڵمانیاییـەکان، یاسـا هـەر شـتێکە، کـە بـۆ ئـەوان بەسـوودە›› (Panne, ٢٠١٠).

بـۆ لێمکیـن، تەکنیکـە سیسـتەماتیکییەکانی جینۆسـاید سـەر بـە رەهەنـد و رووی سیاسـیی، کۆمەڵایەتیـی، کولتووریـی، ئابووریـی، بایۆلۆژیـی و فیزیکییـن. جینۆسـاید، دامـەزراوە کرۆکیـی و بنەڕەتییەکانـی ژیانـی گرووپێکـی دیاریکـراو تێکدەشـکێنێت و هەڵدەتەکێنێـت، بـۆ نموونـە لەڕێـی پرۆسـەیەکەوە کـە ئامانجەکـەی هەڵوەشـاندنەوەیە، تێکشـکاندن و لەناوبردنـی دامـەزراوە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـییەکان، کولتـوور، زمـان، ئاییـن، ئابووریـی و ئاگایـی و لێرەبوونـی ئـەو گروپەیـە (Panne, ٢٠١٠.) لێمکیـن دەڵـێ ‹‹ئامانجـی ئـەم چەشـنە پلانـە [جینۆسـاید] بریتییـە لـە هەڵوەشـاندنەوەی دامـەزراوە سیاسـیی، کۆمەڵایەتیـی، کولتووریـی، زمـان، هەسـتە نەتەوایەتییـەکان، ئاییـن، هەبوونـی ئابووریـی گروپـە نەتەوەییـەکان و ئاوێتەبوونیانـە. هەروەهـا تێکشـکاندن و لەناوبردنـی ئاسایشـی کەسـێتیی، ئازادیـی، تەندروسـتیی، شـکۆمەندیی و تەنانـەت ژیانـی ئـەو تاکانـەی سـەر بـەم چەشـنە گرووپانـەن. جینۆسـاید ئاڕاستەی گرووپێکـی نەتەوەیـی وەک بوونێـک کـراوە. بۆیـە لەبـەر ئەندامبوونیـان لـە گرووپێکـی نەتەوەیـی، نەک توانسـت و کەسـێتیی تاکەکان هێرشـیان دەکرێتـە سـەر›› (Lemkin, ١٩٤٤). جینۆسـاید دژی تاکـەکان ئاڕاسـتەکراوە نـەک لەبـەر تاکێتییەکەیـان، بەڵکـوو لەبـەر ئەندامێتییـان لـە گرووپێکـی نەتەوەیـی (Stone, ٢٠١١). بـۆ نموونـە، سـەدام حوسـێن و رژێمـی بەعـس جینۆسـایدیان دژی تاکەکانـی کـورد کـرد، نـەک لەبـەر تاکێتییەکەیـان بەڵکـو لەبـەر ئەندامێتییەکەیـان لـە نـاو نەتـەوەی کـورددا.

باسی دووەم: پەیوەندیی هونەر و، جینۆساید و یادەوەریی

هونـەر هەمیشـە لەگـەڵ بابەتـە گەورەکانـی هەبـوون (وجـود) خەریکبـووە، ئیشـی هونەریـی جوانـی بەرهەمهێنـاوە و چێـژی بـە تەماشـاکەر بەخشـیووە، بـەڵام ئاخـۆ رۆڵـی هونـەر لـە بڕیـاری مۆڕاڵیـی لەکاتـی جەنـگ و جینۆسـاید چییـە؟ ئیمانوێـل کانـت جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە دەشـێ خراپتریـن و خەمناکتریـن رووداوەکانـی مێـژوو، بەشـێوەیەکی ئێسـتێتیکیانە لەلایـەن هونەرمەندانـەوە پیشـانبدرێن (Vieregg, ٢٠١٥: ٩١).

هەروەهـا تیـۆدۆر ئادۆرنـۆ (١٩٠٣-١٩٦٩)، بەرگریـی لـە توانسـتی هونـەر دەکات کـە دەتوانـێ ئێمـە لـە توندوتیژیـی فاشـیزم بێداربکاتـەوە. هونـەر دەسـەڵاتی بـۆ دەربڕینـی ناسـۆر و هیـوا هەیـە، کـە بەتەواویـی ناتوانـرێ لەنێـو زمانـدا دەرببڕدرێـن. ئاخـر تابلـۆ و نیـگارەکان بەهێواشـی کاردەکـەن، رێگەمـان پێـدەدەن بچینـە نـاو تراومـای ئەوانـی تـرەوە. نیـگار لەبـارەی دەرخسـتنی ئەوەوەیـە، کـە بەئاسـایی دیارنییـە و ناتوانـرێ بەسـانایی دەربخرێـت. هونـەر رەنگـە بەرەنگاریـی نادادیـی ببێتـەوە، نـەک راستەوخۆ لەڕێـی بەدەسـتهێنانی گۆڕانـی کردەکیـی، بەڵکـو لەڕێـی بێدارکردنـەوەی تەماشـاکەران لـەو توندوتیژییـەی مێـژوو و کۆمەڵگەکەیـان بەرێوەدەبـات (Kaushall, ٢٠١٨; Ettinger, ٢٠١٦).

شـێوازی دەگمەنـی بەرگریـی هونـەر، هزربزوێنـە هەتاکـو کردارنوێنیـی بێـت. بۆیـە ئادۆرنـۆ دژی ئـەوە مشـتومڕدەکات کـە ئیشـە هونەرییـەکان بەڕوونـی سیاسـیی بـن، چونکـە ئەمـە واتـای ئـەوە دەگەیەنـێ کـە ئـەوان بـوون بـە ئامـراز لەبـری ئـەوەی بونیادێکـی سـەربەخۆیان هەبێـت. هـەروەک ئەنسـێلم کیفـەری هونەرمەنـدی ئەڵمانـی دەڵـێ: ‹‹هونـەر پێویسـتە بەرپرسـیارێتیی لەئەسـتۆبگرێت، بـەڵام نابێـت واز لـە هونەربوونـی خـۆی بهێنێـت››. ئادۆرنـۆ وەهـا بیردەکاتـەوە کـە باشـترین ئیشـە هونەرییـە مۆدێرنـەکان نارێکیـی و بێهارمۆنیـی دەردەبـڕن: ترسـناکیی و ئازارچەشـتنن. بـۆ نموونـە هـەر یەکێـک لـە نیگارەکانـی براچـا ئێتینگـەر لـە وێنـەی فیگـوری مرۆڤ-دایـک، ژن، منـداڵ-ەوە دەسـتپێدەکەن کـە بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی مەرگـی خۆیـان بەجێهێڵـراون. برینداریـی فیگـورەکان هـی خۆیانـە، بـەڵام کاتێـک ئێمـە وەک تەمشـاکەر دەبینـە شـایەتحاڵ، ئـەوا ئاسـەواری برینەکەیـان لەنێـو خۆمانـدا دەرک پێدەکەیـن. ئیشـی هونەریـی وەک

جێگەیەکی ئێتیکیی ڕێگە بە ئێمە دەدات هەتاکو ئەزموونی ئازاری ئەوانی تر بکەین (Ettinger, ٢٠١٦). هەروەها «هۆنراوەکانی پۆل سیلان دەیانەوێ بەڕێی بێدەنگییەوە لەبارەی توندترین ترسناکیی بدوێن. کەواتە هونەر ڕەنگە بۆ دۆخی جیهانێکی تێکشکێنراو، «بەداد بێت» (Adorno, ١٩٩٧ p. ٤٠٥). ئیشە هونەرییەکان ڕەنگە ئێمە ببزوێنن بۆ ئەزموونکردنی هیوا و شیاوێتیی لە سەردەمێکدا کە بێهیوایی و نائومێدیی وەک نەشیاویی لێ دەربازبوون دەردەکەون. بۆ ئادۆرنۆ هونەرمەندە مۆدێرنەکانی وەک جەیمس جۆیس، ئارنۆڵد شۆنبێرگ، ساموێل بیکێت، پۆل سیلان و پابلۆ پیکاسۆ دەتوانن بەناڕاستەوخۆ بەرەنگاری کردە نائێتیکییەکانی کۆمەڵگە ببنەوە(Kaushall, ٢٠١٨) . ئاخۆ هونەر دەتوانێ چی لەبارەی ڕابوردووەوە بە ئێمە بڵێ؟ هونەر دەتوانێ یادەوەریی لەبیرکراو و فەرامۆشکراو بێداربکاتەوە؟ لە سەردەمی جینۆسایدی ماوەی دووەم جەنگی جیهانی دانوستانکردن لەبارەی هۆڵۆکۆست و جینۆسایدی جووەکان، بەدەگمەن لە مەیدانی گشتییدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا. لە ڕوانگەی ڤاڵتەر بێنیامین، سەدەی بیست سەدەی کپکردنی یادەوەرییە. ئەمە لە قەیرانی یادەوەریی و ئەزموونەوە سەرچاوەدەگرێت، کە پەیوەندیی بە مۆدێرنەوە هەیە و بەشێکە لە مۆدێرنە (Saladini, ٢٠١١). ژان پۆل سارتر لە ساڵی ١٩٤٥ لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕایمۆن ئارۆن دا لەبارەی ئەم بێدەنگییە دەڵێ: «ئاخۆ ئێمە ئەو پرسیارەمان لە خۆمان کرد: بۆچی تەنانەت یەک وتار لەنێو کۆمەڵگەی فەڕەنساییدا بوونی نییە، بە جووەکان بڵێ بەخێربێنەوە بۆ ماڵەوە». بۆ سارتەر هۆکاری بنەڕەتیی ئەم بێدەنگییە ئەوەیە: ئەوەی کە ڕوویداوە و سڕاوەتەوە و لەبیرکراوە (Silverman, ١٩٩٩: ١٠).

لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٠ بەشێکی هونەری ئەورووپایی دەگەڕێتەوە بۆ ترادیسیۆن، بۆ بیرهێنانەوەی ڕابوردوو و یادەوەرییەکان، بەڕێی پراکتیککردنی ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ڕابوردوو لەنێو هونەری هاوچەرخدا. بەڵام پێویست بوو زمانێکی نوێ بۆ پشکنینی مێژوو دروست بکرێت. ئەم زمانە پیویستبوو لە زمانی سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی و گێڕانەوە سادەکان جیاوازتر بێت. بۆیە زۆر لە هونەرمەندان لە کۆتایی ١٩٦٠ەکاندا و سەرەتای ١٩٧٠کاندا بە یادەوەریی تاک (کەسێتیی) و کۆیەکییەوە خەریکبوون. لە فەڕەنسا ئەم ڕەوتە ناونرا «هونەری یادەوەریی (art of the memory)». پاشان لە هەشتاکاندا هونەرمەندان بەهای یادەوەریی ئاشکرا و ڕۆشندەکەنەوە. چونکە هونەر لە کاتێکدا یادەوەریی بیردەهێنێتەوە، ئەوا یادەوەرییش بۆ داهاتوو دروستدەکات. بەهای ئۆبژێکت پەیوەست بە ڕابوردووەوە بریتییە لە بەهای یادەوەریی و بیرهێنانەوە، واتا ئەو شتە (ئۆبژێکت) چیی بیری ئێمە دەهێنێتەوە (Saladini; ٢٠١١ Ettinger, ٢٠١٦).

لە دوای دووەم جەنگی جیهانیی، کۆمەڵێک مۆنۆمێنت و شوێنی یادکردنەوە بۆ قوربانییەکانی هۆڵۆکۆست دروستکران، کە بەزۆریی پەیکەری بەردیین بوون لە کامپەکانی مەرگ لە وڵاتانی ئەورووپادا دانران: میمۆریالی ترێبلینکا (Treblinka) ساڵی ١٩٥٨-١٩٦٤ فرانسیس دۆزینکۆ و ئادەم هاوت دیزاینیانکردووە. مەجدانیک (Majdanek) میمۆریال ساڵی ١٩٦٩ ویکتۆر تۆلکین دیزاینیکردووە. وارشۆ گێتۆ میمۆریال (Warsaw Getto Memorial) ناتان ڕاپاپۆرت پەیکەرسازی پۆلەندیی دیزاینیکردووە. مۆزەخانەی یادەوەریی جوو لە سیدنی، ئوسترالیا بۆ بیرهێنانەوەی جینۆسایدی جووەکان (هۆڵۆکۆست)، مۆزەخانەی یادەوەریی هۆڵۆکۆست لە ئەمریکا (Vieregg, ٢٠١٥: ٩٣-٩٤).



:Treblinka. Center monument side view. Photo Credit
Florida Center for Instructional Technology

هونەرمەنـدان لـە دەربڕینـی هەسـتەکانیان لەبـارەی هۆڵۆکۆسـت لەکاتـی ڕوودانـی هۆڵۆکۆسـتەوە هەتاکـو ئێسـتاش بەردەوامـن. هونـەری هۆڵۆکۆسـت دەتوانـرێ بەگوێـرەی جـۆری پەیوەندیـی هونەرمەنـدەکان بـە هۆڵۆکۆسـتەوە پۆلێنبکرێـن بـۆ: هونەرمەنـدی کامپنشـین، ڕزگار بـوو، یـان نـەوەی دووەمـی قوربانییەکانـی هۆڵۆکۆسـت. یەکێـک لـە جـۆرە گرنگەکانـی هونـەری هۆڵۆکۆسـت: ئەوەیـە کـە لەکاتـی ڕوودانـی هۆڵۆکۆسـت لەلایـەن ئـەو هونەرمەندانـەوە، کـە لەنێـو کامپـەکان و گێتۆکانـدا زیندانبـوون، ئافرێـنراوە. ئـەو هونەرمەندانـە، بـۆ بەرهەمهێنانـی هونـەر لـە ناخۆشـترین و دژوارتریـن دۆخەکانـدا، ژیانـی خۆیـان خسـتۆتە مەترسـییەوە. هونەرمەنـدەکان بەنهێنیـی لەنێـو کامپەکانـدا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی نازییـەکان ئیشـیانکردووە، مەبەسـتیان بەدیهێنانـی دوو ئامانجـی سـەرەکیی بـووە:
یەکـەم، گواسـتنەوەی ئەزموونـی شـایەتحاڵیی هونەرمەنـد لەبارەی ترسـناکییەکانی ناو کامپ بـۆ یادکردنـەوە و بەبیرهێنانەوەی قوربانییـەکان، چونکـە نازییـەکان دەیانویسـت لـە سـەرتاپای جیهانـی بشـارنەوە. دووەم، ڕووبەڕووبوونـەوە و بەرەنگاریـی هەوڵـە سیسـتەماتیکییەکانی نازییـەکان بـۆ نامرۆڤاندنـی جـووەکان و شـەرمەزارکردن و سـەرکۆنەکردنی ئـەو لەناوبـردن و جینۆسـایدەی کـە نازییـەکان کردوویانـە. بۆیـە هونەرەکەیـان هۆکارێکـە بـۆ بەردوامبوونـی ژیـان. ئـەو جـۆرە هونـەرەی لەنـاو کامـپ بەرهەمهاتـووە زیاتـر سـکێچ و هێڵکاریـی بـووە و بەدەگمـەن فۆتۆگرافیـی تێدابـووە. هونەرمەنـدەکان لایەنـی ئێسـتێتکییان بەهەنـد وەرنەگرتـووە، ئاخـر ئامانجـی سـەرەکییان تۆمارکردنـی ئـەوە بـووە کـە لەنێـو کامپەکانـدا ڕوویـداوە. نموونـەی ئـەو هونەرمەندانـە: بۆریـس تاسلیسـکی (Boris Taslitzki)، لیـا گرەندیـگ (Lea Grundig)، ئـۆد نانسـن (Odd Nansen)، لیـۆ هـاس (Leo Haas)، زۆران موزیـک (Zoran Music) و دەیڤیـد ئۆلـێ. هەندێـک لـە هونەرمەنـدان دوای ڕزگاربوونیشـیان لـە پیشـاندانی ئەزموونەکانـی هۆڵۆکۆسـت لەنێـو هونەرەکەیانـدا هـەر بەردەوامبـوون. ئـەو هونەرمەندانـە

ئەوەیـان کـردووە چ وەک ثێراپـی (چارەسـەر-therapy) یـان بـۆ وەبیرهێنانـەوەی ئەوانـەی کـە دەربازیـان نەبـووە. هەروەهـا هونەرمەنـدان لـە ڕێگـەی هێڵکاریـی، کـۆلاژ، گرافیـک، ئینستەلەیشـن، پەیکـەر، وێنـە، لیسـیۆگرافی... هتـد خۆیـان دەربڕیـوە و ئیشـیان کـردووە. هونەرمەنـدەکان بـە سـتایلی جیـاواز لەبـارەی هۆڵۆکۆسـت ئیشـیانکردووە: ریالیسـت، سوریالیسـت، ئەبسـتراکت، ئێکسپرێشنیسـت، ئەبستراکت-ئێکسپرێشنیسـت (Blatter, ١٩٨٢).




Sketch by David Olère dated ١٩٤٦,



"Forced Labor - Building a Tunnel" by David Olere ,١٩٤٥.

ئەنسـێلم کیفـەر (١٩٤٥-) شێوەسـاز، پەیکەرسـاز و فۆتۆگرافەرێکـی ئەڵمانییـە. نـاوەڕۆک و بابـەت و کەرەسـەی ئیشـەکانی کیفـەر بـە مێـژووی ئەڵمانیـا بەتایبەتـی هۆڵۆکۆسـتەوە خەریکـن. ئـەو ئیشـانەی کیفـەر وەهادەکـەن کـە هاوسـەردەمانی بـە رابـووردووی ئەڵمانیـاوە خەریکـبن. کەرەسـە و ئیشـەکانی کیفـەر ئەمانـەن: قـوڕ، خۆڵەمێـش، شووشـە، پـووش، قسـڵ، وایـەر، قییـر، گوڵـی وشـککراوە... هتـد هەمـوو ئەمانـە بـە چەندیـن ڕەهەنـدی مێژوویـی و ئەفسـانەیی ئەڵمانیـاوە پەیوەسـتن (Andrew, ١٩٩١).

هۆنراوەکانـی پـۆل سـیلان کاریگەرییەکـی گـەورە لەسـەر گەشـەکردنی تێمای مێـژووی ئەڵمانیی و سـامناکییەکانی هۆڵۆکۆسـت لەنێـو ئیشـەکانی کیفـەردا دادەنێـت. کیفـەر لـە سـەرجەم ئیشـەکانیدا لەگـەڵ رابـوردوودا لـە زۆراندایـە و تابـوو و کێشـە ناکۆکمەنـدەکان لـە مێـژووی تـازەی ئەڵمانیـادا دیاردەهێنێـت. تێـما (کێشـە)ی سـەردەمی ‹‹حوکمـی نازیـی›› بەتایبەتـی لەنێـو ئیشـەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە. بـۆ نموونـە تابلـۆی ماگەغیتـۆ (Margarethe) ١٩٨١ (زەیـت و پـووش لەسـەر کانڤـاس) یەکێکـە لـە ئیشـە بەناوبانگەکانـی کیفـەر لەگـەڵ تێـمای یادەوەریـی و لەدەسـتدان و مێـژووی ئەڵمانیـادا خەریکـە. ئیشـەکە (تابلۆکـە) لەژێـر کاریگەریـی هۆنراوەیەکـی پـۆل سـیلان بەنـاوی ‹‹ئـاوازی مـەرگ›› بەرهەمهێـنراوە. ئـەم هۆنراوەیـەی سـیلان باسـی زیندانییبوونـی خـۆی دەکات لـە کامپەکانـی مەرگـی نازییەکانـدا. هۆنراوەکـە جەخـت دەکاتـە سـەر دوو کارەکتـەری ژن ماگەغیتـۆ (ئەڵمانی-ئـاری) و شـوڵەمایت (ئەڵمانی-جـوو)، سـیلان روانگەیەکـی بەهێـز لەبـارەی هۆڵۆکۆسـت دادەڕێژێـت، کـە تێیـدا چارەنووسـی ئـەم دوو ژنـە پێکـەوە گرێـدراون، لـە یەکتریـی جیانابنـەوە (Biro, ٢٠٠٣).



oil, grass on canvas ,١٩٨١ Anselm Kiefer, Margarethe

حـەزی کیفـەر بـۆ ئـەدەب و بەکارهێنانـی تێکسـت لـە ئیشـەکانیدا وەهـا دەکات، کیفـەر ئایدیـا ئەدەبییەکانـی سـیلان بـۆ هونـەری بیـنراو بگوازێتـەوە بۆئـەوەی لێڕوانـەر هانبـدات هەتاکو تراژیدیـای هۆڵۆکۆسـت بپەرچێنـێ. لـە هۆنراوەکـەدا ماگەغیتـۆ قـژی زەردە، لـە تابلۆکـەدا بەڕێـی پووشـەوە سـیمبولیزەکراوە، کـە پـووش بـووە بـە میدیۆمێکـی دووبـارە لـە ئیشـەکانی دیکـەی کیفـەردا، بـەڵام لێـرەدا بـۆ یەکـەم جـارە بەکاردێـت. پـووش بەهـۆی توانسـتی سـەوزبوونەوە و شـکبوونەوەوە، کیفـەر وەک سـیمبولی سـووڕی ژیـان، پەتیەتـی (پاکژێتـی) نەژادیـی (race) و خۆشەویسـتیی ئەڵمانیـی بـۆ خـاک بەکاردەهێنێت. هەروەهـا پـووش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەفسانەی ئەڵمانـی «رەمپڵستیلسـکن» کـە پووشـی کـردووە بـە زێـڕ. کیفـەر نـاوی ماگەغیتـۆی بـە رەنگـی رەش لەسـەر کانڤاسـەکە نووسـیوە و هەنـدێ ناوچـەی تابلۆکەشـی رەشـکردووە وەک ئاماژەیـەک بـۆ هەبوونـی بێدەنگی لەبـارەی شـوڵەمایتی سـامی و هەروەهـا زۆر بەگشـتیی ئاماژەیـە بـۆ ژمارەیەکـی زۆر قـژی رەش لـە ئاوشـڤیتس (Biro, ٢٠٠٣).

## بەشی دووەم: هونەری کوردیی و ئەنفال

باسی یەکەم: ئەنفال چییە؟

لـە سـەدەی بیسـتەمدا، دوای یەکـەم جەنگـی جیهانیـی، داگیرکـەر و کۆلۆنیالیسـتە خۆرئاواییـەکان (بەریتانیـا، فەڕەنسـا، ...) ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانییان لـە نێـوان خۆیانـدا دابەشـکرد. لـە ئەنجامـی ئـەم دابەشـکردنەوە هەنـدێ کۆمەڵگـەی تایبەتـی (وەک کـورد) بەسـەر وڵاتـی جیـاوازدا دابەشـکران و ئەوانـی تریـش (بـۆ نموونـە لـە عێـراق، عەرەبـی شـیعە و سـونە، کـورد، ئاشـوریی، کلدانیـی، ...) بـەزۆر لـە وڵاتێکـدا نیشـتەجێکران. دروسـتکردنی دەوڵەت-نەتـەوە لـە کۆمەڵگەیەکـی فـرە پێکهاتـەدا وەک ئـەوەی داگیرکـەرە خۆرئاواییـەکان لـە رۆژهەڵاتـی ناویـن کردیـان، دەبێـت بـە هـۆی تێکشـکاندن و لەناوبردنـی فرەیـی و چەوساندنەوەی کەمینـەکان. دوای یەکـەم جەنگـی جیهانیـی، کوردسـتان بەسـەر چـوار دەوڵەت-نەتـەوەی پاش-کۆلۆنیالیسـتیی دابەشـکرا: تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـوریا. بۆیـە لـە ئەنجامـدا، هیـچ شـوێنێک بـۆ کـورد لـەم وڵاتانـەدا نەبـوو. کـوردەکان بـوون بـە کەمینـەی چەوسـاوە و خەڵکانێکـی بێدەوڵـەت، مافـی هاووڵاتیبوونیـان

رەتکرایەوە، بۆیە بوون بە خەڵکانی بێماف.

عێراق وڵاتێکی دروستکراوە؛ بەرهەم و داهێنانی کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکانە. پێش یەکەم جەنگی جیهانیی، وڵاتێک بە ناوی عێراق بوونی نەبووە؛ دوای جەنگەکە عێراق بوو بە داگیرکراوی بەریتانیا. عێراق وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرە ئایین دروستکرا، کە پێکهاتبوو لە عەرەبەکان ‹سونە و شیعە›، کورد، ئاشوریی، کلدانیی، ئێزیدیی، دییان و جووەکان. بەریتانیا دەبوایە ئەم فرەیی و هەمەچەشنییە لەنێو یەک وڵاتدا رێکبخات و بەڕێوەبەرێت، کە هەر لە سەرەتاوە ململانێ و شۆڕش دژی داگیرکاریی بەریتانیی دەستیپێکرد. لە سەرەتاوە، کورد رازینەبوو بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، بۆیە کورد کەوتنە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی بەریتانیا. بەڵام بەریتانیا بەشێوەیەکی دڕندانە وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان دایەوە (Duglas, ٢٠٠٩). لە رۆژهەڵاتی ناوییـن، ‹‹کۆلۆنیالیزم هۆکاری سەرەکیی دروستکردنی کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکانە››. لە عێراقدا، دەوڵەت-نەتەوە لە ئەنجامی داگیرکاریی (کۆلۆنیالیزاسیۆن)یەوە سەری هەڵدا. ‹‹کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکان بە ململانێ بەردەوامەکانیانەوە لە نێوان گروپە نەژادیی، ئێتنیکیی یان ئایینییەکان، مەرج و دۆخە پێویستەکانی جینۆسایدی ناوخۆیی دەهێننە ئاراوە (Kuper) (١٩٨١) as cited in Hardi ٢٠١١:٢٦). عێراق کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتە بوو و لەلایەن کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکانەوە دروستکرا، ئەم فرەیییە بە هێز و بەزۆر دروستکرا، بۆیە پێشمەرجەکانی ‹‹جینۆسایدی ناوخۆیی›› دابینکرد، وەک ئەوەی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بینرا.

بەعس ساڵی ١٩٦٨ بەڕێی کودەتای سەربازییەوە بۆ جاری دووەم لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتەدەست، بەعس جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٣ بەڕێی کودەتای سەربازییەوە بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی گرتەدەست. بەعس وەك حیزبێکی ناسیۆنالیستیی عەرەب لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژیی پانعەرەبیزم (Pan-Arabism) (العروبة) دامەزرابوو، دروشمی ‹‹یەك نەتەوەیی عەرەب››ی بەرزکردبۆوە و ئەوەی وەك پەیامێکی نەمر دەبینی. پانعەرەبیزم بڕوای بە بوونی یەك نەتەوەی عەرەب هەیە(Makiya, ١٩٨٩). بەعس بوو بە یەکەم حیزبی سیاسیی عەرەبیی، کە دروشم و ئامانجی پانعەرەبیزمی هەڵگرت. بەعس بۆ دامەزراندنی تاکە یەك دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو هەوڵیدەدا، دروشمەکانی بەعس بریتیبوون لە ‹‹یەک نەتەوەی عەرەب و یەک پەیامی نەمر›› و ‹‹یەکێتیی، ئازادی، سۆشیالیزم" (Devlin, ١٩٩١). ئەم درووشمە بریتییە لە دڵی بەعسیزم و ئامانجەکانی بەعس ئاشکرادەکات کە دژی فرەیی و پلورالیزم ئاڕاستەکراون.

لە شوباتی ١٩٨٨دا، ئەنفال وەك دوا چارەسەری کێشەی کورد دەستیپێکرد. بەعس لەڕێی ئەنفالەوە دەیویست بە یەك جار و بۆ دوا جار، بۆ هەمیشە کێشەی کورد چارەسەربکات. جینۆساید پەیوەستە بە هزرینی هۆشەکی (بیرکردنەوەی عەقڵانی) و چارەسەرکردنی کێشەوە (Heller, ٢٠١٠) هەروەک دەتوانین لە هۆڵۆکۆست و ئەنفالدا ببینین. ئاخر ‹هۆڵۆکۆست› لە ئیدیۆلۆژیی نازییزمدا بریتییە لە ‹‹دوا چارەسەر››ی کێشەی جوو و ‹ئەنفال›یش لە ئیدیۆلۆژیی بەعسییزمدا بریتییە لە ‹‹دوا چارەسەر››ی کێشەی کورد. ئەنفال نزیکەی شەش مانگ و نیوی خایاند لە هەشت قۆناغدا، و ناوچە گوندنشینیەکانی کردە ئامانج. هێرشەکان بە گازی کیمیایی ژەهراویی دەستیانپێدەکرد، بۆئەوەی خەڵکەکە بتۆقێنێ، ورەیان دابەزێنێ و بکوژێ. پاشان هێرشی زەمینیی دەستیپێدەکرد، ئەو خەڵکانەی کە بەزیندوویی مابوونەوە دەستگیرکران و خرانە نێو تراکتۆر یان زیل و ئیفای سەربازییەوە گوێزرانەوە بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکانی تۆپزاوە، نوگرەسەلمان، قەڵات و نزارکێ. لەنێو کامپەکاندا، خەڵکەکە بۆ سێ گروپی سەرەکیی دابەش دەکران؛ ژن و منداڵ، پیاوان و کوڕانی مێردمنداڵ، و پیر و بەتەمەنەکان. پیاوەکان یەکسەر بۆ لەناوبردن و کوشتن دەستنیشاندەکران و دەگوازرانەوە بۆ گۆڕەپانەکانی گوللەبارانکردن، پاش گوللەبارانکردنیان لەنێو گۆڕی بە کۆمەڵدا بە بلدۆزەر لە بیابانەکانی عێراقدا نێژران (Hardi, ٢٠١١). ‹‹مۆرک و ئەدگاری راستەقینەی شاڵاوەکانی ئەنفال ئەوەیە،

کە ئەنفال بەشێوەیەکی بیرۆکراتییانە رێکخرابوو، کۆمەڵکوژیی گوندنشینەکان بەبەردەوامیی جڵەوکرابوو، لەبەر هیچ هۆیەکی تر نا جگە لەوەی کە ئەوان لە ناوچەیەک دەژیان وەک ‹ناوچەی قەدەغەکراو، لەبەر هۆکاری ئاسایش› پێناسەکرابوون›› (Makiya, ١٩٩٣: ١٦٧). شاڵاوەکانی ئەنفال بەشێوەیەکی زۆر بیرۆکراتییانە و سیستەماتیکانە جێبەجێکران و بەباشی دۆکۆمێنتکران. وەک ڤان برونسەن دەڵێ ‹‹کۆمەڵکوژیی کوردەکانی عێراق لە دوای هۆلۆکۆستەوە یەکێکە لەو کەیسانەی جینۆساید کە بەباشترین شێوە دۆکۆمێنتکراوە›› (Bruinssen, ١٩٩٤: ١٢).

باسی دووەم: هونەری کوردیی دەتوانێ چیمان لەبارەی ئەنفالەوە پێ بڵێ؟

کاتێک گەلێک جینۆساید دەکرێت، دوای جینۆسایدەکە لەبەردەم دوو ئەگەردایە. یەکەم، لاوازبوون، تێکشکان و لەناوچوون، بێگومان ئامانجی سەرەکیی لە جینۆسایدکردنی گەلێکی دیاریکراو لەناوبردن و سڕینەوەیەتی بەشێوەیەکی هەندەکیی یان هەمەکیی. دووەم، بەهێزبوون و خۆ-دروستکردنەوە. چۆن گەلێک پاش هەوڵی لەناوبردن و قڕکردنی دەتوانێ بەهێزتر بێت؟ کاتێک دەتوانێ ئەمە بکات، ئەگەر هەژەند (کارەسات) و جینۆسایدەکە لەلای ببێ بە پرسیار و کێشەی هزریی، لەم رێگەیەشەوە جینۆسایدەکە بکات بە پڕۆژەیەکی کولتووریی و بوونی خۆی لەنێو-جیهان و لەنێو-مێژوودا دەربخات و بسەلمێنێت. ئاخۆ ئەنفال وەک جینۆسایدکردنی کورد، توانیویەتی کاریی کولتووریی بهێنێتە دیی؟ ئاخۆ ئەنفال بووە بە پڕۆژەیەکی کولتووریی و هونەریی لە لای کورد؟ ئەنفال پڕۆژەی کوشتنی گەورەیی مرۆڤی کورد بوو، لە رێگەی شێواندنی جەستە و رووخسارییەوە. مرۆڤی کورد لە دوای ئەنفالەوە مرۆڤێکی بریندارترە لە هەر سەردەمێکی تری ناو مێژووی ئێمە. بەعس دەیویست لە رێگەی ئەنفالەوە، نەک هەر ژمارەیەکی زۆر کورد لەناوبەرێت، بەڵکوو مرۆڤبوونی ئەم گەلە پووچبکاتەوە و رۆحێکی شێواوی تێدا دروستبکات. بەجۆرێکە کە بۆ بەدەستهێنانەوەی شکۆی مرۆڤبوونی ئەم گەلە پێویستمان بە چەندین شۆڕشی مەعنەویی و دەروونیی هەیە، هەتا بتوانین لە ناخەوە خۆی دروستبکاتەوە (سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٦٥). دەشێ یەکێک لەم شۆڕشانە لە رێگەی هونەرەوە بکرێت و لە رێگەی هونەرەوە دووبارە شکۆمەندیی مرۆڤبوون ئاوابکەینەوە.


هەرچەندە بەشێوەیەکی لاواز و کەمیش بێت، ئەنفال کاریگەریی کولتووریی هەبووە. بۆ نموونە لە رووی ئەدەبییەوە، ئەنفال توانیویەتی چەند دەقێک بەرهەمبهێنێ، لە هۆنراوە، پەخشان و هەم رۆمان. لە رووی هونەرییەوە، چەندین تابلۆی شێوەکاریی، و ئیشی هونەریی بەرهەمهاتوون بۆ ئەنفال، چەندین هونەرمەند لەبارەی ئەنفال ئیشیانکردووە بەڵام زۆرینەیان لە بۆنەکان و ساڵیادی ئەنفال بە تاکە تابلۆ و ئیشی هونەریی بەشدارییانکردووە، چەند هونەرمەندێکی زۆر کەم ئەنفالیان کردووە بە تێمای بنەڕەتیی و سەرەکیی هونەرەکەیان.


لە بەردەم هەموو پڕۆژەیەکی هونەرییدا بۆ یادکردنەوەی تراژیدیا و جینۆساید، پرسیارێک هەیە دەبێت بیکەین: ئایا دەشێت لە رێگەی هونەرەوە یادی تراژیدیای ئەنفال بکەینەوە یان پیشانبدەینەوە؟ ئایا هونەر دەتوانێ گوزارشت لە ئەنفال بکات و نوێنەرایەتی ئەنفال بکات؟ ئایا هونەر دەتوانێت ببێت بە پانتاییەک بۆ یادکردنەوەی تراژیدیایەک کە تێیدا بە هەزاران مرۆڤ بوون بە قوربانیی؟ کام یادکردنەوەیە دەتوانێ ببێت بە دەربڕی تراژیدیای ئەو هەزاران کوردەی لە ئەنفال و هەڵەبجەدا لەلایەن بەعسییەکانەوە لەناوبران؟ (سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٠٩-٢١٠). لە رێگەی دروستکردنی چەند مۆنۆمێنت و میمۆریاڵی تایبەت بۆ یادی هەڵەبجە و ئەنفال لە گەرمیان، هەڵەبجە، سلێمانی و هەولێر. هەروەها بەڕێی ئیشی هونەریی، بەرهەمهێنانی کولتووریی و میدیاکانەوە، ئەنفال و هەڵەبجە، کۆئاگایی و یادەوەرییەکی کۆیەکییان لەنێو کۆهەستی کورددا هەرچەندە لاوازیش بێت دروستکردووە، بەتایبەتی

لـەلای کەسـوکاری قوربانییـان لەکاتـی یـادی سـاڵانەی ئەنفـال و هەڵەبجـەدا.
زۆر هونەرمەنـدی کـورد ئیشـیان لەبـارەی ئەنفـال کـردووە، بـەڵام عوسـمان ئەحمـەد و ڕێـوار سـەعید لـەو هونەرمەندانـەن، کـە پـتر لەبـارەی ئەنفـال و جینۆسـایدەکانی گەلـی کـورد ئیشـیانکردووە، بۆیـە لـەم توێژینەوەیـەدا ئیشـە هونەرییەکانـی ئـەم دوو هونەرمەنـدە وەک نموونـە بەهەنـد وەردەگیرێـن.

## ئەنفال لەنێو ئیشە هونەرییەکانی عوسمان ئەحمەددا

عوسـمان ئەحمـەد، ئیشـکردن لەبـارەی ئەنفالـی کـردووە بـە پـرۆژەی هونەریـی خـۆی و بەبەردەوامیی ئیشـی لەسـەر دەکات. هـەر لـەو کاتـەوەی کـە پێشـمەرگەبووە و خـۆی شـایەتحاڵی ئەنفـال بـووە هەتـا خوێندنـی ماسـتەر و دکتـۆرا لـە هونـەردا و هەتاکـو ئێسـتاش بەردەوامـە. بۆیـە ئەنفـال لەنێـو سـەرجەم ئیشـەکانی ئـەودا خـۆی پەرچانـدووە. لـە ڕۆژە سـەخت و پـڕ مەینەتییەکانـی ئەنفالـدا، عوسـمان بیـری لـەوە کردۆتـەوە ئەگـەر بەزیندوویـی بمێنێتـەوە، ئـەوا هەمـوو ئـەو حەسرەتـەی لەسـەر دڵـی کۆبۆتـەوە بەهـۆی تاوانەکانـی ڕژێمـی بەعسـەوە بەرانبـەر نەتەوەکـەی، بـکات بـە هێڵکاریـی و تابلـۆ و دۆکۆمێنتیـان بـکات. «بۆئـەوەی نەهێڵـم ئـەم تاوانانـە کـە کاریگەرییـان لەسـەر هەمـوو ژیانـم دانـاوە بچنـە ژێـر گڵـەوە. هەمـوو ئـەو کەسـانەی خـاوەن هەسـتن و بێئـاگان لـە ڕوودانـی ئـەم تاوانانـە، ئاگاداریـان بکەمـەوە.» لـەو کاتـەوە کـە جینۆسـاید (ئەنفـال) ەکـەی سـاڵی ١٩٨٨م بینیـوە، «هەمـوو تابلۆیەکـم نوێکردنەوەیـەک بـووە بـۆ ئـەو پەیمانـەی لەگـەڵ خۆمـدا بەسـتبووم، هەموو تابلۆیەکـم بـووە بـە جێژوانـی نێـوان مـەرگ و ژیـان» (ئەحمـەد، ٢٠١٩: ٦، ٢٤،٢٢،٢٥).
لـە ڕوانگـەی محەمـەد کەمالـەوە، تابلۆکانـی عوسـمان ئەحمـەد ئەرکـی مێژوویـی هونـەر بەجێدەهێنـن و جینۆسـایدی کـورد هەڵدەماڵـن کـە ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن خـودی هونەرمەنـدەوە ئەزموونکـراوە. بەسـەرهاتی ڕاسـتەوخۆی هونەرمەنـد لـە ڕووی هەسـت و سـۆزەوە پـڕ بایەخـە و گەواهیـدەرە بـۆ ئـەو تراژیدیایـە، بـەم شـێوەیە لەڕێـی بەرهەمهێنانـی ئـەم کارە هونەرییانـەوە، ئەرکـی مێژوویـی هونـەر بەتەواویـی لەلایـەن هونەرمەنـدەوە دەرکیپێکـراوە. ئەحمـەد یـادی ئـەو مەرگەسـاتەی نەکردۆتـەوە، بەڵکـوو قوربانییەکانـی زینـدوو ڕاگرتـووە. ئـەو ڕابـوردووی بـە ئێسـتا و یادەوەریـی بـە ئـاراوە گرێداوەتـەوە (کەمـال، محەمـەد،٢٠١٩:١٦-١٧).
زۆربـەی وێنەکانـی عوسـمان ئەحمـەد لـە بیرەوەرییـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، بیـرەوەری ئـەو ئەزموونـەی وەک شـایەتحاڵێکی ئەنفـال هەیەتـی. «وەک هونەرمەندێـک ئـەو ڕووداوانـەی بەسـەر خـۆم و گەلەکـەم هاتـن، کاریگەرییەکـی بنەڕەتییـان هەبـووە لەسـەر ژیانـم. ئـەوان بـوون بـە سـەرچاوەیەکی بـەردەوام و نەبـڕاوە بـۆ ئیشـە هونەرییەکانـم» (ئەحمـەد، ٢٠١٩: ٦، ٢٤،٢٢،٢٥). عوسـمان ئەحمـەد لـە ڕێگـەی هێڵکاریـی و ئیشـە هونەرییەکانییـەوە دەیـەوێ ئەنفـال وەک جینۆسـایدکردنی کـورد دۆکۆمێنـت بـکات، هـەروەک ئەمـە لـە ناونیشـانی تێـزی دکتۆراکەشـی دەردەکەوێـت. ئـەو یادەوەریـی خـۆی وەک شـایەتحاڵێکی ئەنفـال و یادەوەریـی دەربازبووانـی ئەنفـال، ئەوانـەی کـە چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ کـردوون لـە پـرۆژەی دکتۆراکەیـدا دەگێڕێتـەوە. بـەڵام ئـەو لەبـری زمـان بەڕێـی سـکێچ و هێڵکاریـی چیرۆکـەکان دەگێڕێتـەوە. عوسـمان ڕووداوەکانـی ئەنفـال، ئـازار و نەهامەتییەکانـی کـورد، هـەر لـە سـاتی دەسـتپێکی ئەنفـال بـە کیمیابارانکـردن، پاشـان هێرشـی زەمینیـی و دەسـتگیرکردنی ئەوانـەی کـە بەزیندوویـی ماونەتـەوە و گواسـتنەوەیان بـۆ کامپـەکان وێنەیکێشـاون. هەروەهـا دۆخـی سـەختی نێـو کامپـەکان، جیاکردنـەوەی، پیـاو و ژن، منـداڵ و دایـک، بەتەمـەن و گەنـج لـە یەکتریـی، سامناکیی نێـو کامپـەکان، تـرس، برسـێتیی، مـەرگ، ئـازار، چاوەڕوانیـی ... هتـد، بـە وردیـی وێنەیکێشـاوە و لـە ڕێگـەی هێڵکارییەکانییـەوە بـە جوانیـی پیشـانیداون (Samad, Nabaz ,٢٠١٧).






,Mr. JmmPencil on paper – ١٣ cmTestimony ١٤ x ٢٠ ,drawings Mrs. ShmsPencil on paper١٧ – ٥ Testimony cm ١٤ x ٢٠ ,drawings ٢٧

هێڵکارییەکانی عوسمان ئەحمەد لەگەڵ خۆیدا سەفەریان کردووە بەناو جەنگ، ئاوارەیی و تاراوگەدا. ئەو ئەرکی قورسی بەرپرسیارێتی شایەتیدانی لە ئەستۆگرتووە، لەبری ئەوانەی لە جینۆسایدی کورددا مردن. عوسمان ئەو هێڵەی

بـە قارەمانەکـەی خـۆی وەسـفکردووە، زۆر جـار رووخسـارەکانی پێکـەوە گرێـدراون، کەسـەکە بـە تەنیـا نەوەسـتاوە، ئـەوان بـەو هێڵـە تێکهەڵکێشـبوون و پێکـەوە رادەوەسـتن. زمانـی شـەکەتی بیرەوەرییـە سـەخت و ئازاربەخشـەکانی عوسـمان لـە بەسـەرهاتەکانی خۆیـەوە و ئەوانـەش کـە بەدوایانـدا وێڵبـووە و گوێـی بـۆ رادێـراون، هاتۆتـە گـۆ. ئـەو بـووە بـە پارێـزەری یادەوەریـی و بەسـەرهاتەکانی ئەوانـەی دەنگێکیـان نەبـوو. بۆیـە مـن بـڕوام وایـە کارەکـەی عوسـمان پێگەیەکـی تایبەتیـی هەیـە لـە مێـژووی گەلـی کـورددا (پرەیـل، سـارا، ٨،١١:٢٠١٩).

مەبەسـتی عوسـمان ئەحمـەد تۆمارکردنـی جینۆسـایدی گەلێکـە نـەک تەنیـا خسـتنەڕووی ئـازار و مەینەتیـی تاکەکەسـیی، بۆئـەوەی پرسـیار لای بینـەر بهێنێتەدیـی، وایـان لێبـکات هەڵوێسـت وەربگـرن و کاریگەریی لەسـەر هەسـتی مرۆڤدۆسـتانەیان دابنێـت. تابلۆکانـی عوسـمان تەنیـا پیشـاندانەوەی ریالیسـتیکییانەی ئـەو شـتانە نین کـە بینیونی و شـایەتحاڵیان بـووە، بەڵکوو لـەو چاپانـدن (انطباع)ەوەیـە کـە لایـان درووسـتکردووە، تابلۆکانـی ئـەو پاڵنـەرە ئافرێنـەرە دروسـتیکردوون کـە پەیوەندییەکی بەهێـزی بـە کولتـوور، بیرەوەریـی، مێردەزمـە (کابـووس) و تەنانـەت ئـەو نەسـتەش هەیـە کـە لـەلای کەڵەکەبـووە. ‹‹مـن بـەردەوام هەوڵـدەدەم ئـەو جـۆرە تابلۆیانـە بەرهەمبهێنـم کـە پرسـیاری مۆڕاڵیـی لای بیینـەر دەورووژێنـن، پرسـیاری وەک بۆچـی ئەنفـال روویـدا؟ بۆچـی سـڕینەوەی ئێتنیکیـی روودەدات؟›› (ئەحمـەد، ٢٠١٩: ٨٢،٧٩، ٥٩). کەواتە ئەنفـال لە بەرهەمی هونەرییـدا و بـۆ هونەرمەنـد تەنیـا ڕووداوێـک نییـە لـە رابـوردوودا، کاری هونەرمەندیـش تەنیـا بەرجەسـتەکردنەوەی ئەنفـال نییـە، بەڵکـو بەرهەمهێنانـی ئێسـتێتیکییانە و داهێنەرانـەی ئەنفالـە، داهێنانێکـی تایبەتییانـەی هونەرمەنـد، کـە پـترە لـە تەنیـا یادکردنـەوە و تۆمارکردنـی ڕووداوی ئەنفـال. بـەڵام ئەنفـال بـۆ مێژوونـووس و بـۆ ئەوانـەی ئەزموونیـان کـردووە و تێیـدا بـوون بـە قوربانیـی ڕووداوێکـە لـە ڕابـوردوودا، ئـەوان جارێکـی تـر ئـەو ڕووداوە بەرجەسـتەدەکەنەوە و یادیدەکەنـەوە (سـیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٣٦-٢٣٧).



Osman Ahmed, Memories Of The Anfal

عوسمان ئەحمەد بە شێوازی جیاوازی هونەریی، بە کەرەسە و میدیۆمی جودا ئیشی لەسەر ئەنفال کردووە. ئەو لە ئیشەکانی سەرەتاییدا پتر رەنگ، بۆیە و فڵچەی بەکارهێناوە، بەڵام دواتر بەتایبەتیی لە تێزی دکتۆراکەیدا بە هێڵکاریی و گرافیک ئیشدەکات. فیگۆرەکانی عوسمان ئەحمەد تەنیا فیگۆری کوردیی نین، ئەگەر لە سەرەتای ئیشەکانیشیدا ئەم شوناسە کوردبوونە لەنێو ئیشەکانی دەربکەون و زاڵبن، بەڵام دواتر وردە وردە فیگۆرەکان زیاتر شوناسی مرۆڤبوون وەردەگرن، واتا ئەو دەیەوێ بەر لە هەموو شتێک ئەوان وەک مرۆڤ پیشانبدات کە ئەنفالدەکرێن و وەک مرۆڤ ئازارەکانیان دیاردەهێنێت. لێرەوە هێڵکاریی دەبێت بە میدیۆمی سەرەکیی ئیشکردنی، ئەمەش لەگەڵ بابەتی ئیشەکانی (ئەنفال و جینۆسایدی کورد) زۆر گونجاوە. هێڵکاریی پتر ئەو ئامانجە دەپێکێت کە هونەرمەند دەیەوێ لە رێگەی ئیشەکانییەوە بیگەیەنێت. عوسمان ئەحمەد دەیەوێ رەهەندێکی جیهانیی، گەردوونیی (یونیڤێرساڵ) بە ئیشەکانی بدات و لەم رێگەیەشەوە بە جیهانگیریی بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد بدات (Samad, Nabaz, ٢٠١٧).



Dear Osman Ahmed,

It is my pleasure to inform you that you have been chosen as the recipient of the inaugural International Association of Genocide Scholars' Prize for the Arts. The Prize is selected based on artistic excellence in creative works whose primary purpose is shedding light on genocide's causes, structures, harms, and/or aftermaths. The awards committee was particularly impressed by your art work.
We received many excellent nominations for this Prize, but the committee felt your artistic contributions made you the best candidate. Congratulations on this wonderful accomplishment!

Sincerely,

Andrew Woolford
President
International Association of Genocide Scholars

## ئەنفال لە نێو ئیشە هونەرییەکانی رێبوار سەعیددا

رێبوار سەعید، یەکێکی ترە لەو هونەرمەندانەی لە چەندین بۆنە و لە چەند پرۆژەی هونەریی خۆیدا کاری لەسەر ئەنفال، هەڵەبجە، جەنگ و جینۆسایدی گەلی کورد کردووە. ئەو لە پرۆژەی پراکتیکی دکتۆراکەیدا میدیۆمی سیرامیک بۆ کارکردن هەڵدەبژێرێت؛ وەک کەرەسەیەکی گرنگ، کە ئاماژە بە خاک، نیشتیمان و پاراستنی رابوردوو دەکات. چونکە سیرامیک پەیوەندییەکی بەهێزی بە مێژوو و تراژیدیای وڵاتەکەیەوە هەیە. سێ هۆکار لە پشت ئەم هەڵبژاردنەوەیە: یەکەم، هونەری سیرامیک لەنێو مێژووی کولتووریی کوردییدا شوێنێکی دەگمەنی هەیە جیاواز لە میدیۆمە هونەرییەکانی تر؛ چونکە هونەری سیرامیک هاوواتایە لەگەڵ کۆمەڵگە و ناسنامەی کوردیی. دووەم، خودی کەرەستە فیزیکییەکە -قوڕ- ،وەک هونەرمەندێک بە نیشتیمانەکەیەوە گرێدەدات. بۆیە پارچە سیرامیکەکانی لە سلێمانی لە وەرشەکەی وەستا حەیدەر بە گڵی خۆماڵیی دروستدەکات. سێیەم، هونەری سیرامیک توانستی بۆ دەربرین و گوزارشتکردن لە تێگەکانی وەک قوربانیی، جەنگ، جینۆساید و یادەوەریی هەیە و بە باشی دەتوانێ ئەم تێمایانە دەرببڕێت. لەبەرئەوەی ناسنامەی کولتووریی کوردیی پەیوەندییەکی بەهێزی بە ئایدیاکانی نیشتیمان، لەدەستدانی خاک و داگیرکردنی نیشتیمان و خاکی کوردستانەوە هەیە. ئەوا کەرەستەکانی وەک خاک، قوڕ، گڵ دەتوانن ئەو پەیوەندییە بە نیشتیمان و وڵاتەوە دەرببڕن. چونکە کەرەستەکان (ماتریاڵ) یادەوەریی خۆیان هەیە، ئەوان لە خۆیاندا شایەتحاڵی مێژوو و تراژیدیاکانن. بۆ نموونە بەکارهێنانی گڵی سەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە دروستکردنی کارێکی هونەری سیرامیکدا، ئەم گڵە مێژووی خۆی

هەیـە و لـە خۆیـدا ئـەم تراژیدیایـە بەرجەسـتەدەکات. بەهـای کەرەسـتە لـە نێـو رەهەنـدە مێژوویـی، کۆمەڵایەتیـی و سیاسـییەکانییدایە (Rashed, Rebwar, ٢٠١٢, ٦٤, ٦٩).



٢٠ ,٣٠cmx٤٠cm ,Chocolate Factory, London, Mixed media ,٢٠٠٨ ,٢٠th Anniversary Rebwar Rashed, Anfal units, Photograph by Rebwar Rashed

ئیشـەکانی رێبـوار سـەعید گێڕانـەوەی ئەزمـوون و یادەوەریـی خۆیەتـی لەکاتـی روودانی کیمیابارانـی هەڵەبجە و شـاڵاوەکانی ئەنفـال. ئینستەڵەیشـنی «٥٠٠٠ پۆرترێـت»ی رێبـوار سـەعید شایەتی ٥٠٠٠ هـەزار شـەهیدی قوربانییانـی هێرشـی چەکـی کیمیاییـە بـۆ سـەر شـاری هەڵەبجـە لەلایـەن رژێمـی بەعسـەوە، لـە ١٦ی ئـازاری ١٩٨٨. هونـەری رێبـوار بەتایبەتیـی لـە پێشـانگەی هەڵەبجـە (٥٠٠٠ پۆرترێـت، ٥٠٠٠ شـەهید)دا هەوڵدانێکـی زەیرەکانەیـە بـۆ دروسـتکردنەوەی ئـەو هاوسـەنگیی و ئارامییـەی ئێمـە لـە تراژیدیـای هەڵەبجـەدا لـە دەسـتمانچووە. بـەڵام ئـەو هاوسـەنگییەی رێبـوار ئیشـی بـۆ دەکات هـەر لەپێنـاوی یادکردنـەوەدا نییـە، بەڵکـوو بەرزکردنەوەشـیەتی بـۆ ئاسـتە جیاوازەکانـی دەربڕینـی هونەریـی (سـیوەیلی، ٢٠٢٠:٢٣٠-٢٣١).

زمانــی هێــما و ســیمبولییزم لەنێــو ئیشــەکانی رێبــوار ســەعید ئامادەییەکــی گــەورەی هەیــە، بەتایبەتیــی هێماکانــی میزۆپۆتامیـای کـۆن وەک (چـاو، ئاژەڵـی شـاخدار، ئاژەڵـی ئەفسـانەیی، ماسـیی و دەسـت). رووخسـار لـە ئیشـەکانی رێبـواردا سـەروەرە بەسـەر فۆڕمەکانـی تـردا، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ترادیسـیۆنەی کـە لەنـاو هونـەری میزۆپۆتامیـای کۆنـدا هەیـە، کـە پێگەیەکـی گرنـگ و پیـرۆز دەدات بـە سـەر و ڕووخسـار، بەتایبەتـی پیشـاندانی سـەر و رووخسـاری خواوەنـدەکان




و پاشـاکان، بـەڵام رێبـوار جیـاواز لـەم ترادیسـیۆنە رووخسـاری قوربانییانـی جینۆسـاید و یادەوەرییەکانیـان پیشـاندەدات (Rashed, Rebwar, ٢٠١٢). رووخسـاری نـاو تابلۆکانـی رێبـوار مردوونیـن و تەماشـامان دەکـەن، هـەر بۆیـە لەبـری ئـەوەی بمانخەنـە گریـان، ئارامیـمان پێدەبەخشـن. تەماشـاکردنی رووخسـارەکان ژیانمـان لـە لا خۆشەویسـت دەکـەن، نـەک تەنیـا مەرگـمان بیربهێننـەوە (سـیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٣٠-٢٣١).



Rebwar Rashed, Month of May Diary (detail), Kawasaki City Museum, ٢٠١٠, Acrylic on wood, ٦x١٢cm, ٣١ units, Photograph by Rebwar Rashed.

## دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەدەن:

یەکەم: هونەر لە سەردەمی جەنگ و جینۆسایددا دەتوانێ ئەو سەردەمە تاریکە دۆکۆمێنت، ئەرشیف و تۆماربکات.

دووەم: هونـەر دەتوانـێ لـە سـەردەمە تاریکەکانـدا، بینـەر لـە توندوتیژیـی و جینۆسـایدی رژێمـە تۆتالیتـار و فاشـییەکان بێداربکاتـەوە و، پرسـیار و هەڵوێسـتی مۆڕاڵییـان لـە لا بهێنێتەدیـی. کەواتـە هونـەر دەتوانـێ بەرپرسـیارێتی لەئەسـتۆبگرێت بەبـێ ئـەوەی هونەربوونـی خـۆی بدۆڕێنێـت.

سـێیەم: ئەنفـال و جینۆسـایدەکانی گەلـی کـورد، ئەگـەر بەشـێوەیەکی لاوازیـش بێـت کاریگەرییـان لەسـەر بەرهەمهێنانـی کولتووریـی هەبـووە لەنـاو هونـەر، ئـەدەب و سـینەمادا. چەندیـن هونەرمەنـد ئیشـیان لەبـارەی ئەنفـال کـردووە.

چـوارەم: هونەرمەندانـی کـورد، لـە رێگـەی ئیشـە هونەرییەکانیانـەوە هەوڵیانـداوە ئەنفال دۆکۆمێنـت، ئەرشـیف و تۆماربکەن و پرسـیاری مۆڕاڵـی لـەلای بینـەر دروسـتبکەن لەبـارەی ئەنفالـەوە بۆچیـی روویدا؟

پێنجـەم: لـە رێگـەی بەرهەمهێنانـی کولتووریـی و گێڕانـەوەی یادەوەریـی تاکەکەسـی هونەرمەنـدان و قوربانییانـی ئەنفالەوە، ئەگـەر بەشـێوەیەکی لاوازیـش بێـت، توانـراوە کۆیادەوەرییـەک بهێننەئاراوە.

شەشـەم: عوسـمان ئەحمـەد و رێبـوار سـەعید لـە رێگـەی ئیشـە هونەرییەکانیانـەوە یـادی قوربانییانـی ئەنفـال دەکەنـەوە، چیرۆکەکانیـان دەگێڕنـەوە، ژیانیـان دۆکۆمێنـت دەکـەن. یادەوەریـی و ئەزموونی کەسـێتیی خۆیان و یادەوەریـی دەربازبووانی ئەنفـال دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی لـە یادەوەرییەکـی خێزانیـی و کەسـێتییەوە، یادەوەرییەکـی دەسـتەجەمیی بهێننەئـاراوە.

## سەرچاوەکان


ئەحمـەد، عوسـمان قـادر (٢٠١٩) ئەنفـال: یادەوەرییەکانـم لـە رێگـەی هێڵکارییـەوە، چاپـی دووەم، لـە بڵاوکراوەکانـی مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی- زانکـۆی سـلێمانی: سـلێمانی.

پرەیـڵ، سـارا (٢٠١٩) ئێمـە هەمووەمـان بەرپرسـیارین لـە کەسـانی تـر، بـەڵام مـن زیاتـر بەرپرسـیارم لەوانـی تـر، لـە عوسـمان قـادر ئەحمـەد، ئەنفـال: یادەوەرییەکانـم لـە رێگـەی هێڵکارییـەوە، چاپـی دووەم، لـە بڵاوکراوەکانـی مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی- زانکـۆی سـلێمانی: سـلێمانی.

کەمـال، محەمـەد (٢٠١٩) پێشـگۆتن، لـە لـە عوسـمان قـادر ئەحمـەد، ئەنفـال: یادەوەرییەکانـم لـە رێگـەی هێڵکارییـەوە، چاپـی دووەم، لـە بڵاوکراوەکانـی مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی- زانکـۆی سـلێمانی: سـلێمانی.

سیوەیلی، رێبوار (٢٠٢٠) جوانیناسیی و شوناس، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی زەریاب: سلێمانی.

Adorno, Theodor W. (1997) Aesthetic Theory, London: Continuum.

Adorno, Theodor W (1997) Prisms, MIT Press: London.

Benhabib, Seyla (2009) International Law and Human Plurality in the Shadow of Totalitarianism: Hannah Arendt and Raphael Lemkin. Constellations, Vol 16, No 2, pp 331350-.

Benjamin, Andrew (1991) Art, MIMESIS AND THE AVANT-GARDE, Routledge: London.

Biro, Matthew (2003) Representation and Event: Anselm Kiefer, Joseph Beuys, and the Memory of the Holocaust, The Yale Journal of Criticism, Volume 16, Number 1, pp 113146-.

Blatter, Janet and Milton, Sypil (1982) Art of the Holocaust, Pan Books: London.

Bracha L. Ettinger, Brad Evans (2016) Art in a Time of Atrocity, [online] available on https://www.nytimes.com/201616/12//opinion/art-in-a-time-of-atrocity.html?_r=0 [accessed on 072021/12/].

Bruinessen, Van Martin (1994) Genocide in Kurdistan. In: Israel W. Charney (ed.) The widening circle of genocide (Genocide: A critical Bibliographic Review, Vol 3) New Brunswick. New York: Transaction Publishers.

Devlin, John F (1991) The Baath Party: Rise and Metamorphosis, The American Historical Review. Vol. 96, No. 5, pp. 13961407-.

Douglas, R. M (2009) Did Britain Use Chemical Weapons in Mandatory Iraq? The Journal of Modern History, Vol. 81, No. 4, pp. 859887-.

Hardi, Choman (2011), Gendered experiences of genocide: Anfal survivors in Kurdistan-Iraq, Voices in development management. Farnham, Surrey.

Heller, Agnes (2010) Radical Evil in Modernity: on Genocide, Totalitarian Terror, and the Holocaust, Thesis Eleven. No. 101, pp 106117-.

Kaushall, Justin (2018) Can Art Fight Fascism, Philosophy Now, No. 129.

Lang, Berel (2005) The evil in genocide. In: Roth, John K (ed.) Genocide and Human Rights: A philosophical Guide. New York: Palgrave Macmillan.

Lemkin, Raphael (1944) Axis Rule In Occupied Europe: Laws Of Occupation, Analysis Of Government, Proposals For Redress, Washington, D.C.: Carnegie Endowment for International Peace.

Makiya, Kanan (1989) The republic of fear: Politics of modern Iraq. London: University of California Press.

Makiya, Kanan (1993) Cruelty and Silence, London: W. W Norton & Company.

Panne, Jean- Louis (2010) Raphael Lemkin and Raul Hilberg: About a Concept. PISM Series, Issue. 1, pp. 101115-.

Rashed, Rebwar Saeed (2012) Out of Kurdish Soil: the Artwork of Rebwar Rashed and the Museum of Modern Art, Sulaimani, Margaret Center: Sulaimani.

Rotfeld, Adam Daniel (2010) The Lemkin concept of genocide: A new definition for and old crime. PISM Series, Issue. 1, pp. 1927-.

Saladini, Emanuela (2011) The art of telling history: Christian Boltanski, in Mª José Alcaraz, Matilde Carrasco y Salvador Rubio (Eds.) Art, Emotion and Value, 5th Mediterranean Congress of Aesthetics, Cartagena (Spain).

Samad, Nabaz (2017) Documenting Anfal (Kurdish Genocide) In Osman Ahmed's Artworks, [online] available at http://cultureproject.org.uk/201712/10//documenting-anfal-kurdish-genocide-in-osman-ahmeds-artworks/ (accessed 102021/12/).

Silverman, Max (1999) Facing Postmodernity: Contemporary French Thought on Culture and Society, London: Routledge.

Stone, Dan (2005) Raphael Lemkin on the Holocaust, Journal of Genocide Research. Vol 7, No 4, pp 539550-.

Vieregg, Hildegard K. (2015) Contemporary History in Relation to Memory, Museums and Memorial Sites, Complutum, Vol. 26 (2): 8999-.

UN (1948) Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, [online] available at https://www.un.org/en/genocideprevention/genocide.shtml (accessed 112021/12/),

# What can Kurdish art tell us about Anfal?

Nabaz Samad Ahmed

Department of Plastic Arts, College of Fine Arts, Sulaimani, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

nabaz.ahmed@univsul.edu.iq

## Abstract:

The essential aim of genocide is to exterminate and completely destroy a certain group so that no one tells the story of their death and destruction in order to completely erase their names and memory from the ground. But one of the most important aspects of remembering and keeping the victims alive is to tell their stories through art. If in other times, art creates beauty and gives us pleasure, what role and efficiency does it have in the dark times, homelessness, war and genocide? What can art do when the horror of war and genocide comes to speak? What can Kurdish art tell us about Anfal? Has Kurdish art been able to create a national memory for Anfal? The aim of this research is to show the role of art in the dark times of war and genocide and the role of Kurdish art in telling the memory of Anfal. In this paper, I argue that on the one hand, art can awaken forgotten memories and create a collective memory. Because in the dark times, art can archive, document and record atrocities. It also would reveal and criticize the truth of the dark times. As a result, art can take responsibility, but without giving up its own artistic features. On the other hand, Kurdish artists commemorate the victims of Anfal through their artworks, tell their stories, document their lives, resumption their experiences, and paint their endless journeys with color and drawing. They tell the memory and experience of their own people and the memory of the Anfal survivors in order to bring about a collective memory from a personal memory. This paper is divided into two parts: First, the relationship between genocide, art and memory. Second, Anfal in Kurdish art. It applies the Critical Analysis method to assess the relationship between genocide, art, memory and Anfal in Kurdish art.

**Keywords: memory, the dark times, art and genocide, Anfal.**

# ماذا يمكن أن يخبرنا الفن الكوردي عن الانفال؟

نەبەز صمد احمد

قسم الفنون التشكيلية، كلية الفنون الجميلة، جامعة السليمانية، إقليم كوردستان، العراق. nabaz.ahmed@univsul.edu.iq

## ملخص البحث:

الهدف الأساسي للإبادة الجماعية هو تدمير مجموعة معينة كليا حتى لا يبقى شاهد لهذه الجريمة، من أجل محو أسمائهم وذكراهم تمامًا من الأرض. لكن أحد أهم جوانب تذكر الضحايا وإبقائهم خالدين في ذاكرة الناس هو سرد قصصهم من خلال الفن. إذا كان في أحيان، يخلق الفن الجمال و يمنحنا المتعة، فما دوره في الأوقات المظلمة و التشرد و الحرب و الإبادة الجماعية؟ ماذا يمكن أن يفعل الفن عندما يأتي رعب الحرب والإبادة الجماعية؟ ماذا يمكن أن يخبرنا الفن الكوردي عن الانفال؟ هل تمكن الفن الكوردي من إنشاء ذاكرة وطنية للانفال؟ الهدف من هذا البحث هو إظهار دور الفن في الأوقات المظلمة للحرب و الإبادة الجماعية و دور الفن الكوردي في سرد ذكرى الانفال. في هذه الدراسة، أزعم أنه من ناحية، يمكن للفن إيقاظ الذكريات المنسية و خلق ذاكرة جماعية. لأنه في الأوقات المظلمة، يمكن للفن توثيق و تسجيل الفظائع. كما أنه من شأنه أن يكشف و ينتقد حقيقة الأوقات المظلمة. نتيجة لذلك، يمكن أن يتحمل الفن المسؤولية، ولكن دون التخلي عن ميزاته الفنية. من ناحية أخرى، يحيي الفنانون الكورد ضحايا الانفال من خلال أعمالهم الفنية، و يروون قصصهم، و توثيق حياتهم، و استئناف تجاربهم، و يرسمون رحلاتهم التي لا نهاية لها بالألوان و الرسم. يحيون ذاكرة و تجربة شعبهم و ذاكرة الناجين من الانفال من أجل تحقيق ذاكرة جماعية من ذاكرة شخصية. تنقسم هذه الدراسة إلى جزأين: أولاً، العلاقة بين الإبادة الجماعية و الفن و الذاكرة. ثانياً، الانفال في الفن الكوردي. تطبق هذه الدراسة طريقة التحليل النقدي لتقييم العلاقة بين الإبادة الجماعية و الفن و الذاكرة و الانفال في الفن الكوردي.

**الكلمات المفتاحية: الذاكرة ، الأوقات المظلمة ، الفن و الإبادة الجماعية، الانفال.**